
# بێبەرنامەیی و بەرێكردنی كات لە كەناڵە ناوخۆییەكان ... نەجات روستی

Darbiz11@hotmail. com



لەگەڵ بونی ئازادیی مرۆڤ بە هەموومافاكانەوە وژیانە جڤاكیەكان هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانكاری بەسەر دادی، بەهۆی فراوان بوونی هزر. تاكەكانی نیۆ كۆمەڵیش زیاتر دەرگاداخراوەكان والآ دەكەن، ئەم هەمووگۆڕانەش لەماوەی سیانزە ساڵی دوای راپەرین، بەكردەوە بەسەر تاكی كوردی داهاتوو هەر لەپێكهێنانی پارتی سیاسی ورێكخراوی پیشەیی وخێرخوازی هتد، یەكێك لە سیماجوانەكانی. رۆشنبیرانی كورد پیوەی دەنازن، بوونی چەندین كەناڵی راگەیاندنە، كەهەریەكەیان بەئاوازێك وبەرەنگێك بەرنامەكانی خۆیان ئاراستە دەكەن. دیارە لەگەڵ بونی دیموكرات، وفراوانبونی، پارتەسیاسیەكانیش لەرێگای كەناڵەراگەیاندنەكانیانەوە بیروئایدیالۆژیای خۆیان بلاوكردۆتەوە بەهۆی كاریگەری ماس میدیا، توانیویانە جەماوەر لەدەوری بەرنامەكاری پارتەكەیان كۆبكەنەوە هەرچەندە، دامەزراوە مەدەنییەكان باوەریان بە بەدیموكراتی فەردەوە هەیە، بەلآم زۆرجار ئەودیموكراتیەتە دەبێتە روێكی ناشرینی ناوكۆمەل وەك لەكەناڵەكانی راگەیاندنی ناوخۆ بەدیدەكری، ئەگەر بەوردی رۆژانەگوی لەرادیۆناوخۆیەكان بگری. لەبەر زۆری كەناڵی رادیۆی ناتوانی لە هەموو كاتە گوی لەرادیۆكان بگرێت بەلآم لە رێگاو كاتی پشوو لەماڵەوەزۆربەمان رادیوەكان دەكەینەوە زۆر جار گۆێمان لەبەرنامەی ئەوەندەە هەزەلی و بێمستەوا دەبێت نازانین ئەو هەموو هەلانە وجوینەوەی بابەتی كۆن وبێژەری بێمستەوانازانین چی بلێن مرۆڤ توشی رەشبینێكی زۆر دەبێت لە ئاست راگەیاندنی كوردی. شەوانیش لەبەر شاشەی تەلەفزیۆنەناوخۆییەكان ئەوەندەهەلەی بێژەرەكان دەبینن وداوای لێبوردن دەكەن بەرنامەكان بی لەزەت وبیتام دەكەن، لەم شەوانە خانمێكی بێژەر بەرنامەیەكی راستەوخۆی پێشكەش دەكرد، لەگەڵ خوێدنەوەی سەرەتاییەرنامەكەكەدیاربووبۆیان نوسیبو، وتی داوا لەمیوانان دەكەین بفەرمونەناو ناوستۆدیۆ، میوانەكانش هەموویان لەناو سۆدیۆبوون ئەوەندەزۆربوون جێگایان نەبوودابنیشن، دواتر هالەكەی راستكردەوەووتی میوانان لەگەڵمانن لەناو ستۆدیودیارە لەكاتی پێشكەشكردنی بەنامەكەتێكستی نوسینەكەیان داوەتەدەست، خانمێكی تر لە هەوالەسەركییەكان لە لە هەوالێك سەبارت بەسوریا لە جیاتی بلێت (فارق شرع وتی فارق فیشاوی) ئەمە مشتێكبوولەخروارێك لەسەر بێژەرەكان بەكورتكچەوە.

فلیمی شەوانی تەلەفزیۆنەكانشبەبی ئەوەی هیچ تەنسیقێكیان هەبێت بەیەكەوەلەشەوێكدا هەموویان فلیمی بیانی نیشان ئەدەن یان عەرەبی زۆر شەو هەیە یەك فلیم لەسی كەناڵ پەخش، دەكرێت، زۆربەی فلیمەكانیش شەروشۆڕو توندوتیژی نیشان ئەدەن. بەتایبەتی تەلەفزێۆنی كۆمەڵ كەرۆلێكی زۆرسلبی هەیە لەبلاوكردنەوەی هەستی توندوتیژی دەمارگرژی بەتایبەتی لەلای مناڵ ومێرد مناَل. لەهەفتەیەك دا تەلەفزیۆنی ناوبراو شەش فلیمی ئەوها پەخشدەكات، فلمەكانیش ئەوا ئەشێوێنی ئەگەر دەرهێنەری فلمەكەلەسلێمانی بیت سەیری بكات فلمەكەی ناناسێتەوەچونكەهەرچی رۆلی ژن هەیە لەفلمەكەلای دەبەن هیچ مانایەك ناهێلنەوە ئەگەرفلیمێكی هندی نیشانیدەن وماوی سی كاتژمێر بێت لەماوچل وپێنج دەقیقەكۆتایی دێت بەبی ئەوەبزانیت باسی چی دەكات.

بەهۆی لابردنی ئەو گرتانەی کەژن رۆلیان تێدا هەیە. زۆرجاریش تەلەفزیۆنەکان هەندی کەس بەبەردەوامی نیشان ئەدات ئەوەندەباسی شتی کۆن دەکەن رەنگەهەمومان لەبەرکردبێت وەکو سرودەکانی خوێندنگای سەرەتای ئەوکەنالانەی ئەوهان، واباشە کەنالەکانیان داخەن زۆرباشتر لە وببی بەرنامەیە.

یەکێکی تر لە تێبینیانەی کەشەوانەگویبەمان لدەبێت ودەیبنین بونی سەرچاوەی لەیەك چووەبەتایبەتی هەواڵەکان زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ورادیۆەکان لەیەك سەرچاوە هەواڵەکەوەردەگرن هەریەکەشیان بەجۆرێك تەرجەمەی دەکات وا لەبینەر دەکەن کە هەلوێستەیەك بکات چونکەیەك سەرچاوەوچەندخوێدنەوەی جیای گوێ لێدەبێت. ئەوەی کەجێگای ئومیدە وشانازی پێوەدەکرێت لەنیوراگەیاندنی کوردی بونی چەند رۆژنامەیەکی ئەهلییە، هەرچەندە وەکوپێویستیش نین چونکە راچاوی تەوازن دەکەن لەنیوان هەولێروسلێمانی و ناهێلن نەشیشبسوتی نەکەباب، بەلام ئەوەی کەهەیە دڵنیام لەئایندە ئەبێتەهەوێنی دروست بوونی رۆژنامەی ئەهلی راستەوقینەو زیاتر دەرگا کان والآ دەبن وخەلکی تریش لە ومەیدانەئەسپی خویان تاودەدەن.